www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9-7-2006 1:23

# تەنز ... پانۆراما (12) ... ستیڤان شەمزینانی

## سروودی ئەی ڕەقیب و مۆزیکی بیتهۆڤن




پێتان سەیر نەبی ئەی ڕەقیب و مۆزیکی بیتهۆڤن پێکەوە ڕیزبەند دەکەم، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و کۆنکرێتیان بەکوردەواریمانەوە هەیە! ئێوە بڵێن چۆن؟
ئەوسا دەڵێین بەرپرسە نازدارەکانمان لە کۆشکە شاهانەکانی خۆیان دانیشتوون و کارەبا بەردەوام هەیەو ژوورەکانیان هەمیشە چراخانە، هاوین و زستان لەبەردەم هەوای ناسکی (سپیلیت) دان، خەڵك بەشی چرایەك نەوتی نییە.. ئەوان سی ژەمە خواردنی ڕۆژئاوایی و چینی و ئاخیر پلە نۆش دەکەن! خەڵك بە بەرنج و ڕۆنی 986 ژیان دەگوزەرێنی! مەنسولە ئازیزەکان بەردەوام سەخی سەتەلایتەکانیان ڕووەو ئەوروپا دەجوڵێنن و بەدیار گۆرانی فارسی و تورکی و نانسی عەجرەمەوە ئیغرا بوون.
هەر خەڵکیشە بەدیار بی کارەباییەوە وەنەوز دەیباتەوە.. بەم حاڵە جوانەشەوە مەنسولەکانمان داوا لەخەڵك دەکەن هەموو ڕۆژێکیان هەر شۆرش بیو سردووی ئەی ڕەقیب ویردی سەر زمانیان بی، خۆشیان بەدیار مۆزیکی بیتهۆڤنەوە دەگەڵ سکرتێرە بەنازەکانیان خەریکی غەرامیاتن.. ئەوان لەسەر بورجی عاج دەژین و ئیتر خەڵك نەسروودی ئەی ڕەقیب دەخوێنی و نەباوەڕی بەتیۆری شۆرشی بەردەوام ماوە، مەگەر ئەوکاتە نەبی دژی بەرپرسەکانی وڵات بەکاری بهێنی.
کەواتە ئەمە پەیوەندیی ئەی ڕەقیب و مۆزیکی بیتهۆڤن، بەڵام زۆر وریابن ئەوی یەکەمیان بۆ خەڵکەو دووەمیشیان موڵکی تایبەتی بەرپرسەکانە.

## خۆشەویستی نیشتمان

ئێستا بڕۆ لەوەش بپرسە کە تا 9/4 بەعسی و جاش بووە دڵی کارەکەم لەبەر خۆشەویستی نیشتمان بووە.. هەندی موشکەشاریش وتیان لەبەر خاتری کوردو خۆشەویستی نیشتمان بووینە جاشی عەیارە بیست و چوار، باوەڕیش ناکەم هیچ وشەیەك هەبی لە فەرهەنگی کوردیدا بەقەدەر (خۆشەویستی) بە هەموو ڕەنگەکانییەوە ئیستغلال کرابی و درۆی بەدەمەوە کرابی.. بڕۆ لەسەر ئەو شەقامە خەڵك بدوێنە هەمووی لە ڕووکەشدا لە خۆشەویستی نیشتمانەکەیدا دەتوێتەوە، بەڵام میسقالە زەڕەیەك سوودی بۆ ئەم وڵاتە نەبووە.
هەیە دڵی نیشتمانم خۆشدەوی بەڵام ئەم بابەیە شۆفڵی ئاودیو دەکرد!! هەیە دڵی (زەڕەیەك خاکی وەتەن نادەم بە قەسری قەیسەری) بەڵام دەرکەوت فایلی هەبووە!! هەیە دڵی ئەم نیشتمانەم وەك بیلبیلەی چاوم خۆشدەوی کەچی لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی بۆ لیستی (130) نەدا!! هەمان فرمێسکی تیمساحانە بۆ نیشتمان دەڕێژی کەچی تەنەکە خۆڵێك لەبەردەم دوکانەکەیدا دانانی و خۆڵ و خاشاك فڕی دەداتە دەریو شارەکەی کردووە بە زبڵدان..
ئیتر هەریەکەو بەجۆرێك نیشتمانەکەی خۆش دەوی و هەر یەکەش بەجۆرێك زیانی لێدەدا، هەقی خۆیەتی ئەم نیشتمانە ڕۆژی لەرۆژان زمانی بێتە گۆو بڵی بەشەرەفم دۆستی وەك ئێوەم هەبی پێویستم بە هیچ دوژمنێك نییە.

پێش ئەوەی خۆشەویستی نیشتمانمان بەجی بهێڵین با گومانێك بكەین و تۆ بڵێی ئەوانەی دەڵێن نیشتمانمان خۆشدەوی مەبەستیان كچێك نەبی ناوی (نیشتمان) بیو ئێمە تووشی هەڵە بووین و تێنەگەیشتووین.
بۆیە داوا لەو بەڕێزانە دەكەین باسی خۆشەویستی نیشتمان دەكەن تكایە با ئەو (نیشتمان) خانە تەشخیس بكەن.

عەقڵی كوردیی

لەوانەیە هەندی كەس بڵێن ئەم كابرایە شەڕ بە ئاوەزی كوردیی دەفرۆشی، ئەگینا عەقڵی كوردیی هیچ عەیبێكی تێدانییە.. بەڵام لەخۆتان دەپرسم عەقڵی كوردیی توانیویەتی هاوگونجاویی لە شتەكاندا دروست بكات، بڕۆ بەر بەلەدیەكەی سلێمانی لە (50) مەتر زەویدا سەوزە فرش و قەساب و كوتاڵ فرۆش و بەرگدرو بونەتە دراوسێی یەكتر.
بڕۆ سەیری شەقامەكان بكە هەریەكەو بە ئاراستەیەك پیایدا دەڕوات، ئەگەر بیانییەك بێتە ئێرە وادەزانی ئەم خەڵكە شێت بووە لە بازاڕدا هەموو لەبەرامبەر یەكتردا دەست بەرز دەكاتەوە! هەیە یەك جار چوویتە فەرمانگەكەی و بۆ دە قیقەیەك ناسیووتە گلەیی ئەوە دەكات سەلام. سەلامی خوایە و تۆ لێم ناكەیت.
ڕۆژێك برادەرێكیش لەناكاو وتی عەقڵی كوردیی وێرانە! ئێمەش وتمان بۆچی؟ وتی براگیانەكەم خەڵكی ئەمشارە گۆشت لە دوكاندا بی پەردە و جامخانە هەڵدەواسیو مێش و مەگەزی دنیا تێی ئاڵاوە، لە بەرامبەردا پێڵاوێك دەخاتە جامخانەكەوە.. ئینجا داوەرییەكە دەدەمە دەستی خۆتان ئەمە عەقڵێكی هارمۆنییە!!؟
بەهەرحاڵ عەقڵی لنگەوقوچی كوردیی لە سایەی دەسەڵاتی حكومەتی هەرێمدا ڕۆژ بە ڕۆژی لنگەوقوچتر دەبیو خەڵكیشی بەوە گومڕا دەكری كە لەسەردەمێكی دیموكراسی نموونەیی و بیوێنەدا دەژین.
ئەی ماوەتەوە بیڵێم نوكتەكەی (بەرزان سەعید گەوهەر) ە كە دەیووت جاران سلێمانی یەك دوكانی كلیلسازی هەبوو بەڵام كەللەی كوردیی ئەوەندە پوت بووە ئێستا پەنجا دوكانی كلیلساز هەیە، چونكە ڕۆژانە خەڵك هەزاران كلیلیان لی وون دەبی.

كۆمەڵگەی نەخۆش

یەكێك لە نەریتە ناشرینەكانی خەڵكی ئەم وواڵتە خۆهەڵقورتاندنە لە ژیانی خەڵكانی تردا بەبی ئەوەی مۆڵەتی پێدرابی، ئێستا بڕۆ لەو بازاڕە پاڵ بكەوەو بەشەوی سەرماو سۆڵە لەسەر ئەو شەقامە بخەوە، تاكە مرۆڤێك نییە پێت بڵی ئەوە بۆچی لەسەر جادە دەخەوی؟!
دە ڕۆژ نان مەخۆو بمرە لەبرسا كەس ویژدانی ناجوڵی كولێرەكت بداتی! پێڵاوت لەپیدا نەبی و جلەكانت شڕشڕبن كەسی نییە سەرنجت بدات و دەستی یارمەتیت بۆ درێژ بكات.. لەو بازاڕەدا بەدەم نەخۆشییەوە بتلێوەو بكەوە بەزەویدا كەسی نییە لە كیسەی خۆی دوو دینارت بۆ سەرف بكات تا بچیتە نەخۆشخانە، بەڵام ئەگەر ئافرەتێك تەنورەیەكی كورتی لەبەردا بێت هەزار كەس خۆی هەڵدەداتە ژیانییەوە و دەیەوی پێی بڵی كارەكەی خراپە!
گەنجێك قژی درێژ بكاتەوە سەدان كەس خۆیان لە ژیانی هەڵدەقورتێنن و كارەكەی بەناپەسەند لەقەڵەم دەدەن؟ ئەگەر پیاوێك بە تەنورەیەكەوە بێتە دەری هەموو خەڵكی شار بەهویهاو توانجدان دوای دەكەون، بەڵام چەپڵە بۆ ئەو سیاسەتمەدارە لێدەدەن نەشازترین كاردەكات، یان زۆرجار كێشەی گەلەكەی وەك لگاو دەدۆڕێنی.
ئەم كۆمەڵگەیە كۆمەڵگەیەكی نەخۆشەو هێشتا فێری ئەلفاوبای نەریت و مامەڵە كۆمەڵایەتییەكان نەبووەو لافی دیموكراسی لێدەدات و عەرەب و فارس و توركیان لێكردووین بەجانەوەرو وڵاتانی

دراوسێش بەدارستان.. بەلام پێشنیار دەكەم بۆئەو خەڵكە برۆن ئەستەمبوڵ و تاران و بەیروت ببینن ئەوجا بێنەوە تا دوو قسە بكەین.

ئەو كچەی فڕی

نازانم هۆیەكەی چییە زوو زوو هەرچی موعجیزەیە لە هەولێر ڕوودەدات، لە تازەترین موعجیزەكانی ئەمشارەدا فڕینی كچێك بوو بۆ مەككە و لەوی بوو بە حاجی و دیسان هەر بەفڕین هاتەوە بیئەوەی كەس ببیینیو ساچمەزەنێكی پێوەنێن.

بەڕاستی سەیرە لەم سەردەمی تەكنەلۆژیاو پێشكەوتنە ئەلكترۆنییەدا خەڵك بەو جۆرە درۆو دەلەسانە فریوبخۆن، ئاخر كی ناڵی بنەماڵەی ئەم كچە نایانەوی كچەكەیان بكەنە كۆمپانیا و پارەی پی پەیدا بكەن؟ هەروەك شێخ لوقمانەكەی لای خۆمان كە هەرچی دووعایەكی دەكرد پێچەوانەكەی ڕاست بوو.

جا ئەگەر ئەم موعجیزەیە سەربگری و خەڵك باوەڕیان پێیكرد لەوانەیە هەندی كەسی مولحیدو بی ئاینیش دەست بدەنە ئەم كاسبییە چونكە بەڕاستی هەتا ئێستاش داهاتی لە كۆمپانیایەك چاكترە و هەر دەڵێی ئاو فرۆشتنەو هیچ مایەی نییە.

بەلام پیاو لەوە دەترسی گەر حاڵەكە وابڕوات هەموو خەڵك ببێتە شێخ و مەشایخ ئەی كی ببێتە موشتەریی؟ بۆیە پێویستە فێڵەكان زۆر بەهێز و كاریگەر بن.

من هەرئەوەندە دەتوانم بڵێم ئەوەی فڕی درۆكە بوو نەك كچەكە.

نیسانی 2005/شەقلاوە